

# هۆڵۆکۆست، بۆ بەڵێنیی مۆدێرنە

زیگمۆند باومان

وەرگێڕانی: هاوار محەمەد

شارستانێتی ڕۆژئاوایی، لە لۆچەکانی
خۆیدا کەمپەکانی مەرگ و مۆزەلمانەکانی[1]
هەڵگرتووە، ئەوە یەکێکە لە دەرهاویشە
ماتریالی و ڕۆحییەکانی.

ریچارد رۆبنستین و جۆرج رۆت
(مامەڵەکانی ئاوشڤیتز)

دوو ڕێگا هەیە بۆ گاڵتەکردن بە هۆلۆکۆست، یان حوکمدانی نابەجێ لەبارەیەوە، یان سوکایەتیکردن بە گرنگییەکەی بۆ کۆمەڵناسی وەک بنچینەی تیۆریی بەشارستانیبوون و مۆدێرنە و شارستانیی مۆدێرنە. ڕێگای یەکەم، وێناکردنی هۆلۆکۆستە وەک ئەوەی شتێکە تەنیا بەسەر یەهودییەکاندا هاتووە، وەک بڵێی ڕووداوێکە لە مێژووی یەهودییەکاندا بە بێ گەلانی تر، بە سادەیی وەک ڕووداوێکی تایبەت کە هیچ دەلالەتێکی گرنگی بۆ کۆمەڵناسی تێدا نییە. زۆرجار توێژەران هۆلۆکۆست وەک ترۆپکی دژایەتیی ئەورووپیی مەسیحی بەرامبەر یەهودییەکان تەفسیر دەکەن، وەک ئەوەی ڕووداوێکی تاقانەیە کە ئەستەمە بە ڕووداوە گەورە و زەقەکانی دوژمنایەتی و دەمارگیریی نەژادی و ئایینی بەراورد بکرێت[2]. لەسەروو ئەوەشەوە، ئەوان پێیانوایە هیچ فۆرمێکی دیکەی دوژمنایەتی نێوان میللەتان هاوشێوەی دژایەتیی یەهود نییە، چونکە ئەمەی دووەمیان بە پلانێکی میتۆدیی بێ وێنە و، بە دنەدانی بەهێزی ئایدیۆلۆژیی کراوە و درێژبوونەوەیەکە کە لە نەتەوە و هەرێمەکان تێدەپەڕێت و، ئاوێتەکردنێکی ناوازەی سەرچاوە و پشتیوانییە لۆکاڵی و جیهانییەکان بووە. ئەم پێداگرییە لەسەر پێناسەکردنی هۆلۆکۆست، ئەگەر ئەم دەستەواژەیە بگونجێت، وەک ئەوەی بەردەوامبوونی دیاردەی دژایەتیی یەهودە، وای لێدەکات وەک ڕووداوێکی ئاوارتە دەربکەوێت کە لە ئاراستەی گشتی کۆمەڵگەی ڕۆژئاوایی جیاوازە. ڕەنگە بەوەیش هۆلۆکۆست پەردە لەسەر شەرزەیی ئەو کۆمەڵگە هەڵماڵێت کە تێیدا ڕوویداوە، بەڵام تێگەیشتنمان ئەوەندە فراوان ناکات کە بارودۆخە گشتییەکەی ئەم کۆمەڵگەیە بگرێتەوە. ئەم تەفسیرەیش واتای ئەوەیە هۆلۆکۆست کەمتر بانگمان دەکات بۆ هەر پێداچوونەیەکی ڕاستەقینە بە شوێنکەوتەیی ئیدراکیدا بۆ تێگەیشتنی تاوانی مێژوویی مۆدێرنەی ڕۆژئاوایی و پرۆسێسی کەویکردنی شارستانی و بابەتە سەرەکییەکانی لێکۆڵینەوەی سۆسیۆلۆژی. بەڵام ڕێگای دووەم، وا دەردەکەوێت بە ئاراستەیەکی پێچەوانەدا دەڕوات، بەڵام لە ڕاستیدا دەگاتەوە بە هەمان دەرەنجام، ئەویش ئەوەیە کە وەها وێنای هۆلۆکۆست دەکات، حاڵەتێکی توندڕەوانەیە کە کۆمەڵێکی زۆر دیاردەی کۆمەڵایەتیی ئاشنای تێدا دەردەکەوێت کە ئینسان بێزی لێ دەکاتەوە، هەڵبەت لووتی خۆی لێ دەگرێت، بەڵام گەلێک دیاردەن کە دەتوانین و دەبێت لەگەڵیاندا هەڵبکەین؛ ئەمانە لەو دیاردانەن کە هەرگیز لەنێوناچن و لە هەموو جێیەکیش هەن. لەبەرئەوە دەبێت لەگەڵ ئەم دیاردانەدا هەڵبکەین چونکە کۆمەڵگەی ڕۆژئاوایی مۆدێرن، پێشتر و ئێستایش مەنزومەیەک بووە کە ئامانجی پووچەڵکردنەوەی ئەم دیاردانە بووە، ڕەنگە بە تەواوەتیش لەنێویان ببات و، لە داهاتوویشدا بە وریاییەوە بەرامبەر دەوەستێت. بەمجۆرە هەندێک لە لێکۆڵەرانی هۆلۆکۆست وەها وەسفی هۆلۆکۆست دەکەن کە ئەگەرچی زەق و دیاریش بوو، بەڵام تەنیا حاڵەتێک بوو لەنێو زۆر حاڵەتی دیکەی «هاوشێوە»دا لەنێو ململانێ یان نەژادپەستی یان دوژمنکاریدا. لە خراپترین حاڵەتیشدا، هۆلۆکۆست دەگەڕێتەوە بۆ کەڵکەڵەیەکی «سروشتی»ی سەرەتایی مرۆیی کە ئەستەکە بە ڕۆشنبیرکردن کۆنترۆڵ بکرێت؛ ئەمە ئایدیاکەی «کۆنراد لۆرنتس»ە دەربارەی دوژمنایەتی غەریزەیی، ئایدیای «ئارسەر کویستلەر»ە دەربارەی شکستی پەردەی مێشک بۆ کۆنترۆڵکردنی بەشە هەڵچوونییە کۆنەکەی مۆخ[3].

بەمەیش ئەو فاکتەرانەی بەرپرسبوون لە رووداني هۆڵۆکۆست، لە لێکۆڵینەوەی سۆسیۆلۆژی بە تەواوەتی دووردەخرێنەوە، گوایە ئەم فاکتەرانە سەر بە جیهانی پێش ژیانی کۆمەڵایەتین و ملکەچی کەویکردنی کولتووری نابن. لە باشترین حاڵەتدا، هۆڵۆکۆست لەنێو کاتیگۆرییە هەرە ترسناک و قێزەونەکاندایە، ئەگەرچی لە رووی تیۆریشەوە قبوڵکراوبێت، ئەویش کاتیگۆریی کۆمەڵکوژییە، یان رەنگە بە سادەیی لە پۆلێنکردنی گشتیی چەوساندنەوە و سەرکوتکردنی دەرمارگیری یان کولتووری یان نەژادپەرستیدا بتوێتەوە، ئەمەیش پۆلێنێکی بەرفراوان و تەواو ئاشنایە[4].

ئەم دوو رێیە هەر کامێکیان بگرینە بەر دەگەینە هەمان دەرەنجام، ئەویش ئەوەیە هۆڵۆکۆست دەخەینە رێڕەویی مێژوویی ئاشناوە.

کاتێک بەم شێوەیە لە هۆڵۆکۆست دەکۆڵینەوە، پرکێشی ئامازەدان بە کارە ترسناکە مێژووییەکانی دیکە دەکەین، وەکو جەنگی خاچهەڵگران، کوشتنی گومڕاکان لە شاری ئەلبی فەرەنسی، لەناوبردنی زۆربەی ئەرمەنەکان بەدەستی تورکەکان، دروستکردنی کەمپەکانی دەستبەسەرکردن لە جەنگی بوێردا لەلایەن بەریتانەوە، ئەوا وا دەردەکەویت «هۆڵۆکۆست» رووداوێکی «تاقانە»یە، ئەگەرچی لە هەموو دۆخێکدا شتێکی سروشتییە[5].

دیسانیش ئەگەر هۆڵۆکۆست بگەڕێنینەوە بۆ یەک مێژووی تەواو ئاشنا، دەگەینەوە هەمان بەرەنجام: سەدان ساڵی ژیان لە گەڕەکە یەهودییەکاندا، جیاکاریی یاسایی، دەستدرێژییە میللیە رێکخراوەکان، چەوساندنەوە بەرامبەر بە کۆمەڵە یەهودییەکان لە ئەوروپای مەسیحیدا. ئەم مێژووە وەها هۆڵۆکۆست پیشان دەدان کە تراژیدیایەکی هێند قێزەونە لە وێنەی نییە، ئەگەرچی بەرەنجامێکی تەواو لۆژیکیی خۆخواردنەوەی ئایینی و رەگەزپەرستی بوو.

ئەم دوو رێگەیە ئەو بۆمبە تەوقیتکراوە فەرامۆش دەکات کە مۆدێرنەی رۆژئاوایی نابوویەوە، هەردووکیان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە ئێمە پێویستمان بە پێداچوونەوەی سەرەکیی تیۆری کۆمەڵایەت نییە، وەک بڵێی روانگەکانمان بۆ مۆدێرنە و ئیمکانە شاراوە نادیارەکانی و مێژووگەراییەکەی، پێویستیان بە هەڵوێستێکی جددی نییە، وەک بڵێی میتۆد و چەمکە کەڵەکەبووەکانی کۆمەڵناسی، دەتوانێت بە خۆڕاگرییەوە بەرەورووی ئەو مەترسیانە ببێتەوە کە هەڕەشەمان لێدەکەن، دەتوانن «ئەوەی روویداوە، تەفسیر بکەن» و «مانای پێبدەن». بەرهەمی کۆتاییش بریتییە لە دۆخی تێربوون و رەزامەندی بە بنچینە تیۆرییەکان، وەک ئەوەی بە کردەیی هیچ شتێک روونەداوە کە بخوازێت گوتارێکی رەخنەیی نوێ لە کۆمەڵگەی مۆدێرن دابهێنرێت، کە چوارچێوەی تیۆری و دارشتنی پراگماتیکی مومارەسە سۆسیۆلۆژییەکانی بە کامڵترین شێوە بەرجەستە کردووە.

لەم تێربوون و رەزامەندییەوە هەندێک دەنگی زانستی جودابوونەوە، زۆربەیان مێژوونووسەکان و تیۆلۆژیستەکان بوون، بەڵام کۆمەڵناسەکان بایەخی کەمتریان بەم دەنگانە دا. ئەگەر بەشداریی کۆمەڵناسەکانی پسپۆر لە هۆڵۆکۆکستدا لەگەڵ ئەو لێکۆڵینەوە زۆروزەبەندانەدا بەراورد بکەین کە مێژوونووسەکان ئەنجامیانداوە، بەراوردی بکەین بەو بایەخە زۆر و بەرفراوانەی کە تیۆلۆژیستە یەهودی و مەسیحییەکان بەم رووداوەیان داوە، ئەوا دەبینین بەشداریی کۆمەڵناسە بلیمەتەکان هیچ سەنگێکی نییە! بگرە ئەو توێژینەوە سۆسیۆلۆژییانەیشی کە بە کردەیی ئەنجام دراون، بە بێ ئەوەی بوار بۆ گومان بهێڵنەوە ئەوە روون دەکەنەوە کە هۆڵۆکۆست دەتوانێت شتانێکی زۆر لەبارەی بارودۆخی کۆمەڵناسییەوە بڵێت، زیاتر لەوەی کە کۆمەڵناسی خۆی دەتوانێت، بەم شێوەیەی ئێستایەوە، شتانێک بخاتە سەر خەرمانی مەعریفەمان دەربارەی هۆڵۆکۆست! بەڵام وا پێدەچێت کۆمەڵناسەکان رووبەرووی ئەم حەقیقەتە تۆقینەرە

نەبوونەتەوە، بەڵکو پشتیان تێکردووە و گوێی خۆیان لێ خەواندووە!

ڕەنگە ئیڤرنت هیوز، یەکێک لە گەورە کۆمەڵناسەکان، بەوپەڕی وردییەوە گوزارشتی لە ڕوانگە و ڕۆڵی ئەم کۆمەڵناسانە کردبێت بەرامبەر ئەوەی ناونراوە «هۆڵۆکۆست». هیوز دەڵێت: حکومەتی سۆشیالیزمی نەتەوەیی ئەڵمانیا گەورەترین بەشی «کاری نزم»ی لە مێژوودا دەرهەق بە کۆمەڵە یەهودییەکان ئەنجام داوە. دوو پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەمەیە:

-1ئەو کەسانە کێن کە قبوڵی جێبەجێکردنی ئەم جۆرە کارەیان کرد؟

-2ئەو ناڕوونیانە چین کە وای لە خەڵکانێکی «چاکەکار» کرد واز لەم کەسایەتیانە بهێنن و ئەوە بکەن کە کردیان؟ تەنیا پێویستمان بەوەیە زانیارییەکی باشترمان لەبارەی پێشهاتەکانەوە هەبێت هەتا دەگات بە دەسەڵات و باشترین شێوازی خۆپاراستن لەمە[6].

لێرەدا هیوز ڕەهەندەکانی کێشەکە بە گوێرەی بڕوابوونی خۆی بە بنەما چەسپاوەکانی مومارەسەی سۆسیۆلۆژی، لە سێ خاڵدا دیاری دەکات:

-1هەوڵدان بۆ کەشفکردنی ئاوێتەیەکی تاقانە لە فاکتەرە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان، لەوانەی پەیوەندییەکی بەرجەستەیان بەو مەیلە ڕەفتارییە سەیر و نامۆیانەوە هەیە کە لە تاوانەکان و «کارە نزمەکان»ـەوە سەرچاوەیان گرتووە.

-2ئامادەکردنی لیستێکی دیکەی ئەو فاکتەرانەی کە لە بەهای بەرەنگاری تاکەکان بەرامبەر ئەم کەڵکەڵە ڕەفتارییانە دەهێنێتەوە خوارەوە، ئەوەیش بەرەنگارییەکی چاوەڕوانکراوە هەرچەندە دواییش بکەوێت.

-3لە کۆتایی شیکارییەکەدا گەیشتن بە مەعریفەیەکی تەفسیری کە بتوانێت پێشبینیی ئەم کەڵکەڵە و خواستانە بکات، ڕێگە بەوانە بدات کە لەم جیهانەماندا هەیانە، جیهانێک کە ڕێکخستنی عەقڵانی بەڕێوەی دەبات، پاراستنیشیان بە بێ گۆڕینیان بە شێوازی کردەیی ڕەفتاری یان بە بێ ئەوەی کاریگەرییە زیانبەخشە «پۆزەتیڤیستییەکان»ـیان وەدیی بهێنن. وا گریمانە دەکرێت وەدیهێنانی ئەم ئەرکەی کۆتایی لە ڕێگەی پراکتیزەکردنی ئەو نموونەیەوە بەدیی بهێنرێت کە وای لە جیهانەکەمان کردووە بەند بێت لەسەر سیستەمێکی عەقڵانیی، سیستەمێک کە بتوانێت دەستەمۆی بکات و کۆنترۆڵی بکات، وەک بڵێی ئەوەی پێویستیمانە دابینکردنی تەکنۆلۆژیایەکی باشتری مۆدێلێکی کۆنە کە هەرگیز متمانەمان پێی لاواز نەبووە، ئەویش هیچ نییە جگە لە مۆدێلی ئەندازەی کۆمەڵایەتی!

هیلین فاین[7] پەیڕەوی لە ڕێنماییەکانی

**بەرهەمی کۆتاییش بریتییە لە دۆخی تێربوون و ڕەزامەندی بە بنچینە تیۆرییەکان، وەك ئەوەی بە کردەیی هیچ شتێك ڕوونەداوە کە بخوازێت گوتارێکی ڕەخنەیی نوێ لە کۆمەڵگەی مۆدێرن دابهێنرێت**



هیـوز دەکات و لـە یەکێـک لـە باشـترین بەشـدارییە سۆسـیۆلۆژییە تایبەتییـەکانی توێژینـەوە لـە هۆلۆکۆسـتدا بـۆی وەفاداربـووە، ئامانجـی توێژینەوەکەیـشی وەهـا دیاریکـردووە کـە پێکهاتـووە لـە شرۆڤەکـردنی ژمارەیـەک گـۆڕاوی سـایکۆلۆژی و ئایدیۆلـۆژی و بونیـادی، لەوانـەی پەیوەندییەکـی پتەویـان بـە ژمـارەی قوربانییـەکان و ڕزگاربـووانی یەهودیـی نێـو ئـەو هەرێمـە نەتەوەییـە جیـاوازە ئەوروپییانـەوە هەیـە کـە نازیـزم بەسـەریاندا باڵادەسـت بـوو. توێژینـەوەی فاین بـە هەمـوو پێـوەرە دروسـتە بـاوەکان توێژینەوەیەکـی نایابـە، زۆر بـە وردی و بـە پاکـژی خشـتە و پێڕسـتی تایبـەتی خەسـڵەتی کۆمەڵگـە نەتەوەییـەکان و ڕادەی دژایەتیـی یەهودییـەکانی تێـدا ئامـادە کـردووە، ئەوەیـشی دەرخسـتووە کـە تـا چ ڕادەیـەک بەهودییـەکان چوونەتـە نێـو کولتـووری وڵاتی خانەخوێـوە و تـا چ ڕادەیـەک ئاوێتـەی کۆمەڵگەکـە بـوون و هاوبەندیـی نێـوان کۆمەڵـە جیـاوازەکان تـا چ ئاسـتێک بـووە. هیلـن فایـن دەیەوێـت ڕووپێویـی پەیوەندییـە هۆکاربەندییـە ئاڵوگـۆڕەکان بـکات و بـە وردی بایەخەکەیـان دیاریـی بـکات، بـەڵام ئـەوە ڕوونبوویـەوە کـە هەنـدێ لـە پەیوەندییـە مەجازییـەکان بوونیـان نییـە، یـان لایەنیکـەم لـە لایـەنی ڕووپێوییـەوە دروسـت نیـن، ئەگەرچی ئامارەکان هەندێ پەیوەندیـی نەرێنـی دەسـەلمێنن، وەکـو



پەیوەندیی نێوان نەبوونی هاوبەندی و ئیمکانییەتی داماڵینی تاکەکان لە کۆتوبەندە ئەخلاقییەکان. لێرەدا بەهەرە سۆسیۆلۆژییە بێ غەلوغەشەکان دەبینین، ئەو لێهاتوویەی خانمی لێکۆڵەر دەبینین کە لە خستنەگەڕی ئەمانەدا هەیانە، تاوەکو بە سەهو و بە بێ مەبەست ڕادەی لاوازیی کۆمەڵناسی تەقلیدیی دەربخات. ناتوانین شتێکی گەورەتر لەوە بەدەستبهێنین کە هیلین فاین کردوویەتی هەتا بە هەندێ لە گریمانە جەوهەرییە ناوەکییەکانی گوتاری سۆسیۆلۆژیدا نەچینەوە، دەنا هەر هۆڵۆکۆست بە بەرەنجامێکی تاقانە و حەتمیی زنجیرەیەکی پێکەوەبەستراوی ئەو فاکتەرە سایکۆلۆژی و کۆمەڵایەتیانە دادەنێین کە بەشێوەیەکی کاتیی قەڵەمبازی شارستانێتیی پەکخستووە کە عادەتەن حوکمی ڕەفتاری مرۆیی دەکات.. ئەم ڕوانگەیە، ئەگەر بەشێوەیەکی ئاشکراش نەبێت ئەوا بەشێوەیەکی شاراوە بێتاوانیی یەکێک لە تۆمەتبارانی سەرەکیی تاوانی هۆڵۆکۆست ڕادەگەیەنێت، مەبەستم لەمەیش دامەزراوەی کۆمەڵایەتی و هەوڵی ئەم دامەزراوەیە بۆ «هیومانیزەکردن» (humanizing) یان «عەقڵاندن» (rationalizing)ـی ئەو پاڵنەرە نامرۆڤانانەی کە حوکمی ڕەفتاری کەسانێک دەکەن وا ئاشنای ژیانی کۆمەڵایەتی نین یان دووبارەی دەکەنەوە. لەسەرووی ئەمەیشەوە، گوتاری سۆسیۆلۆژی، گریمانەی ئەوە دەکات کە هەر غەریزەیەکی ئاکاریی لەوانەی کە لە ڕەفتاری مرۆییدا کەشفی دەکەین، بەرهەمێکی کۆمەڵایەتییە و هەر کە کۆمەڵگە لەکاربکەوێت ئەویش دەتوێتەوە و هەڵدەوەشێتەوە! «کاتێک کۆمەڵگە پێویستی بە ڕاگرەکانی نەزمی کۆمەڵایەتییە و، پشێوی و نامۆبوون بەسەریدا زاڵ دەبن، ئەوا ئیتر خەڵکی لە ڕەفتاریاندا دەربەستی ئەو زیانانە نایەن کە دەشێت بەوانیتری بگەیەنن[8]».

لەمەوە ئەوە هەڵدەهێنجێنین کە نەزمی کۆمەڵایەتیی چالاک، ڕەنگە ڕێگە بەم بێدەربەستییە بگرێت، سەپاندنی کۆتوبەندیی ئەخلاقییش بەسەر خۆپەرستی هەڵکشاو و دڕندەیی خۆڕسکی ئاژەڵە شاراوەکەی ناو مرۆڤدا، پاڵهێزی هەریەکە لە مەنزومەی کۆمەڵایەتی و شارستانێتی مۆدێرنەی ڕۆژئاواییە، شارستانیەتێک کە بەوە ناسراوە خولیا ڕێکخستنکارییەکانی بەرەو ئاسۆیەکی نادیار پاڵدەنێت. لەم ڕوانگەیەوە، کۆمەڵناسیی تەقلیدی کە لە ئاشتە میتۆدییەکەی خۆیدا وا ناوی ناینەوە مەنزومەی لێکۆڵینەوە، تاوتوێی فاکتەکانی هۆڵۆکۆست دەکات تەنیا دەتوانێت پەیامێکمان ئاراستە بکات کە زیاتر پابەست دەبێت بە گریمانە میتۆدییەکانییەوە نەک بە «فاکتەر دیارەکان»ـەوە، ناوەڕۆکی ئەم نامەیە ئەوەیە کە هۆڵۆکۆست شکستی مۆدێرنەی ڕۆژئاوایی بوو نەک بەرەنجامی ئەم مۆدێرنەیە».

لە توێژینەوەیەکی نایابدا دەربارەی هۆڵۆکۆست، نخاما تیک[9] هەوڵیداوە سروشتی دیوە ڕۆشنەکەی کۆمەڵگە بکێشێت، واتە ئەو کەسانەی کە ڕێگایان نەداوە ئەم «کارە نزمە» ئەنجام بدرێت، بەڵکو لە جیهانی ستەمگەرانەی خۆپەرستیدا، قوربانییان بە ژیانی خۆیانداوە لەپێناو ڕزگارکردنی قوربانییەکاندا. زۆر بە کورتی، نخاما تیک بایەخی بەوانە داوە کە خۆڕسکی ئەخلاقیی خۆیان لە ڕەوشێکی نا-ئەخلاقیدا پاراستووە، ئەم خانمە لێکۆڵەرە هەوڵێکی زۆری لەم لێکۆڵینەوەدا بەگەڕخستووە، پەیڕەویی لە ڕێنمایی و (بنەما) سۆسیۆلۆژییە پتەوەکان کردووە تاوەکو ئەو فاکتەرە کۆمەڵایەتیانە کەشف بکات کە ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەیان لە دەرکەوتنی ئەوەدا بینیووە کە کۆمەڵگە، بە گوێرەی هەموو پێوەرە عەقلانییە باڵادەستەکان، وەک ڕەفتارێکی شاز و ناباو بینیویانە. سەرجەم ئەو گریمانانەیش تاقی کردۆتەوە کە هەر یەکێک لە کۆمەڵناسە مەزنەکان دەتوانن لە پرۆژەی لێکۆڵینەوەی خۆیاندا بەکاری بهێنن، ڕووپێویی

پەیوەندییە ئاڵوگۆڕەکانی نێوان هابیتوسی تاکەکەسانیشی کردووە بۆ یارمەتیدانی قوربانییەکان لەلایەک، فاکتەرە جیاوازە پەیوەستەکان بە ئینتیمای چینایەتی و تائیفی و سیاسی و ئاستی خوێندن لەلایەکی دیکەوە، ئەم خانمە دواجار ئەوەیشی دەرخستووە کە هیچ پەیوەندییەک لەنێوان ئەمانەدا نییە! بۆ تەحەداکردنی خۆی و ئەو خوێنەرانەی کە ئەزموونێکی سۆسیۆلۆژییان هەیە، نخاما تیک دەگاتە یەک دەرەنجامی پاساودراوی ڕازیکەر، ئەوەیش ئەوەیە کە »ئەو کەسە باشانەی یارمەتیی قوربانییەکانیاندا، بە سروشتی خۆیان ڕەفتاریان کردووە، بە فیترەت و خاسیەتی زگماکی خۆیان، توانییان بە خۆڕسک بەرەنگاری کارە ترسناکەکانی سەردەمی خۆیان ببنەوە[10]«، ئەوان ئامادەییەکی زگماکی سروشتییان هەبوو بۆ ڕزگارکردنی ئازارکێشەکان، سەر بە هەموو کەرتەکانی «بنیاتی کۆمەڵایەتی»یش بوون، ڕووی ڕاستەقینەی ئەو درۆیان دەرخست کە بانگەشەی ئەوەی دەکرد ئەم کەرتانە ‹›دیاریکەری کۆمەڵایەتی»ی ڕەفتاری ئەخلاقین. لە ڕاستیدا دەرکەوت ئەم دیاریکەرانە شکستیان هێنا لەوەی بەر بەو ئارەزووە توندە بگرن کە لای ئەم کەسە باشانە هەبوو، نەیانتوانی نەهێڵن دەستی هاوکاری و یارمەتی بۆ قوربانییە داماوەکان درێژ بکەن. بەمەیش نخاما تیک لە هەموو کۆمەڵناسەکانی هاوڕێی نزیکترە لە دەرکردن بە پرسیاری سەرەکیی ئەم دۆزە؛ پرسیارەکە ئەوە نییە »ئێمەی کۆمەڵناسی دەتوانین چی لەسەر هۆڵۆکۆست بڵێین؟« بەڵکو ئەوەیە »هۆڵۆکۆست دەتوانێت چی لەبارەی ئێمەی کۆمەڵناس و لەبارەی شێوازی تاوتوێکردن و چارەسەرەکانمانە، بڵێت؟«.

وا پێدەچێت زەرورەتی خستنەڕووی ئەم پرسیارە لە لێکۆڵینەوە و تاوتوێکردنی هۆڵۆکۆستدا گەورەترین زەرورەتە و لە هەموویان گرنگترە، لە هەموویشیان زیاتر فەرامۆش کراوە. بەڵام دەبێت بە باشی لە ئاکامەکانی خستنەڕووی ئەم پرسیارە بکۆڵینەوە، زۆر ئاسانە هێرشی زێدەڕەوانە بکەینە سەر حاڵەتی ڕوونی مایەپووچیی ڕوانگەی باوی سۆسۆلۆژی. ڕەنگە لە تاوتوێکردن و چارەسەرکردنی هۆڵۆکۆست لەنێو چوارچێوەی تیۆریی چەمکی «لەکارکەوتنی کۆمەڵایەتی»دا ئومێدمان تێکبشکێت، واتە چارەسەرکردنی لە چوارچێوەی کاتیگۆرییەکانی وەکو ئەوەی: مۆدێرنە نەیتوانی فاکتەرە ناعەقڵانییەکانی ڕۆژئاوا سەرکەوت بکات، هەوڵە شارستانییەکان بۆ دامرکاندنەوەی پاڵنەرە هەڵچوونی و دوژمنکارییەکان شکستیان هێنا، شکستی ئاوێتەبوون بە کۆمەڵگە، بێتوانای خودی کۆمەڵگە لە خولقاندنی ڕێژەیەکی پێویستی فاکتەرە ئەخلاقییەکان. هەر کە ئەم ئومێدە تێکدەشکێت، ئیدی بە ئاسانی سەردەکەوێت تاوەکو دەرەتانە «ڕووناک و بەرینە»کەی دەرچوون لەم ڕێگە تیۆرییە بەبونبەستگەیشتووە تاقی بکەینەوە، بۆیە ڕایدەگەیەنین هۆڵۆکۆست «مۆێلی باڵادەست»ی شارستانێتی مۆدێرنی ڕۆژئاولویی بووە، بەرەنجامێکی «سروشتی» و «چاوەڕوانکراو» بوو، ڕەنگە مۆدێلی «بەربڵاو»ی ئەم شارستانێتیە و مێژووگەراییەکەی بێت. بەم لێکدانەوەیە هۆڵۆکۆست دەبێتە حەقیقەتی مۆدێرنە، نەک تەنیا یەکێک لە ئیمکانەکانی، دەبێتە حەقیقەتی شاراوەی پشتەوەی دیباجە ئایدیۆلۆژییەکان کە سوودمەندانی ئەو «درۆ گەورەیە»ی وا بە مۆدێرنە ناسراوە، دەیسەپێنن. سەبارەت بەو تەفسیرەیش کە دەوترێت گوایە زیاد لە ڕادە بایەخی بە گرنگیی تیۆر و مێژوویی هۆڵۆکۆست داوە، ئەوە ڕوون دەکەینەوە کە ئەمە خزمەتی هیچ شتێک ناکات تەنیا کەمکردنەوە نەبێت لە بایەخی هۆڵۆکۆست؛ چونکە ئەمە دەگات بە شوێنێک کە ئیدی ناتوانێت ترسناکییەکانی کۆمەڵکوژی و فۆڕمەکانی ئازار و مەینەتییەکانی دیکە، کە بێ هیچ گومانێک هەموو ڕۆژێک کۆمەڵگەی مۆدێرن بەشێوەیەکی زەق دروستی دەکات، لێکتر جودا بکاتەوە.

## پەراوێزەکان:

(1) بنەڕەتی وشەی Muselman، واتە موسوڵمان بە ئەڵمانی، کۆکەیشی دەبێتە Muselm-nner، یەکێکە لەو زاراوە باوانەی کە لە کەمپە نازییەکانی دەستبەسەرکردندا بەکارهاتووە، بۆ ئاماژەدان بەو قوربانییانەی کە لە لێواری مردندابوون بەهۆی ئەوەی برسێتی و تینووێتی و ئازار تەنگی پێهەڵچنیبوون، بەکارهێنانی ئەم وشەیە، نیشانەی پرسیار زۆری خستە سەر تێڕوانینی ڕۆژئاوا بۆ بەهودییەکان وەک ئەوەی دوژمنی خودی موسوڵمانیشن. (و. عەرەبی)

(2) دژایەتی یەهودییەکان، لەم وەرگێڕانەدا بە بەرامبەر «دژایەتی سامی» یان «ئەنتی سامیزم» anti-semitism دانراوە، باومان لە بەشی دووەمی کتێبەکەیدا ئەم زاراوەیە هەڵدەوەشێنێتەوە و پێیوایە ئەم زاراوەیە هیچ مانایەکی نییە جگە لەو باوەڕەی کە یەهود کۆمەڵەیەکی نامۆی دژایەتیکراوی نەخوازراوە، هەروەها ئەم زراراوەیە ئاماژە بەو مومارەسانە دەدات کە لەم باوەڕەوە دەکەونەوە، یان ئەوەی لە ئاوەزدا جێگیر دەکرێن. (و. عەرەبی)

(3) Cf. Konrad Lorenz, On Aggression (New York : Harcourt, Brace and World, 1977 ; Arthur Koestler, Janus-a Summing Up .((Londaon : Hutchinson, 1978

(4) Henry L. Feingiold, “How Unique is the Holocaust?”, in Genocide: Critical Issues of The Holocaust, ed. Alex Grobman & Daniel Landes (Los Angeles: The Simon Wiesenthal Cemter, 1983), p. 368

(5) George M. Kren & Leon Rappoport, The Holocaust and the Criseis of Human Behaviour (New .York: Holmes & Meier, 1980), p. 2

(6) Everett C. Hughes, “Good people and Dirty Work”, Social Problems, .10-Summer 1962, pp. 3

(7) Cf. Helen Fein, Accounting for Genocide: National Response and Jewish Victimitation during the Holocaust (New York: Free Press, .(1979

(8) Fein, Accounting for Genocide, .p.34

(9) نخاما تیک Nechama Tec خانمە لێکۆڵەرێکی بەناوبانگی پسپۆرە لە مێژووی هۆلۆکۆستدا، ساڵی 1931 لە خێزانێکی پۆڵەندیی یەهودی لەدایکبووە، تووشی شۆک بوو کاتێک کتێبەکەی « ڕۆڵی خێزانی بیلسکی لە ڕزگارکردنی یەهودییەکاندا» کرا بە فیلمی سینەماویی؛ چونکە فیلمەکە لە ڕاستییەکان لایداوە و لایەنگرانی خێزانی بیلسکی وەها وێنەگرتووە کە شەڕیان بەرامبەر دەبابەکانی سوپای نازیزم کردووە. (و. عەرەبی)

(10) Nechama Tec, When Light Pierced the Darkness Press, 1986, .p. 193

**سەرچاوە:**

**زيجمونت باومان: الحداثة و الهولوكوست، ترجمة: حجاج ابو جبر – دينا رمضان، مدارات للأبحاث والنشر، الطبعة الأولى، القاهرة، 2014، ص51-57.**